سەرۆک وەزیران بانگهێشتنامەیەکی فەرمی پێدەگات بۆ سەردانی کردنی تونس



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ سەشەممە پێشوازی کرد لە باییزی کۆماری تونس لە عێراق بەڕێز شوکری لەتیف.

نوسینگەی راگەیاندی سەرۆک وەزیران لە بەیانامەیەکدا رایگەیاند:-لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ئاستی هەماهەنگی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵاتی برا کرا لەگەڵ چنینەتی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەسەر ئاست و بوارە جیاوازەکان لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی عێراق و تونس.

ئاماژەبۆکرا `` شوکری لەتیف باییزی تونس سەاوی سەرۆک وەزیرانی تونس ئەحمەد ساڕح ئەلحەشانی گواستۆتەوە بۆ سودانی و پێزانینی خۆی دەربڕی بۆ هەڵوەستەکانی عێراق و خواستی هاستقینەی سەرکی تونس بەڕێز قەیس سەعید ی ڕاگەیاند بۆ فراوانکردنی هاوبەشی ستراتیژی و بەهێزکردنی دەستایەتی نێوان هەردوو وڵات.

هەروەها پەیامێکی نووسراوی ئەلحەشانی گەیاندە بەڕێز سودانی، کە بانگهێشتنامەیەکی فەرمی

لەگرتبوو بە سەرۆک وەزیران بە سەردانیکردنی تونس، بەمبەستی تاوتوێکردنی ڕێگاکانی هەماهەنگکردنی بواری هاریکاری و بەرزکردنەوەیان بۆ بەرزترین ئاستکردنەوەی ئاستەکان بەرەو کرداری هاوبەش و بنیاتنەر.

لای خۆیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێزانینی خۆی بۆ ئەو بانگهێشتنامەیە و وەڵامدانەوەی بۆ زووترین کات دەربڕی و جەختی لە گرنگی پشتیوانی هاوبەش کردەوە لە کێبڕکێ نەودەوڵەتییەکان لەگەڵ هەوڵەستی تونس سەبارەت پرسی فەڵەستین.

هەروەها سودانی بانگهێشتی کۆمپانیا تونسیەکانی کرد بۆ بەشداریکردن لە پڕۆژەکان و دەرفەتی وەبەرهێنان و بنیاتنانی ژێرخان لە عێراق و گرنگی یەکخستنی ئابووری و سەرخستنی کێبوونەوەکانی لیژنەی داهاتووی عێراق و تونس لە بەغداد.